پارێزگای هەولێر لە بارەی سووتانی بازاڕی لە نگە ڕاگەیاندراوێکی بە ڕای گشتی ڕاوکردەوە.



پارێزگای هەولێر لە بارەی سووتانی بازاڕی لە نگە ڕاگەیاندراوێکی بە ڕای گشتی ڕاوکردەوە.

لە ڕاگەیاندراوەکەی پارێزگای هەولێردا هاتووە، دوای ئێوەی شەوی ڕابردوو 2024.2.27، ئاگرێکی گەورە لە بازاڕی لێنگەی شاری هەولێر کەوتەوە، دەمودەست تیمەکانی بەرگریی شارستانی گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و لە ماوەیەکی کەمدا بە هەوڵی ئەفسەر و کارمەندانی توانرا ئاگرەکە کۆنترۆڵبکرێت، کە بەهەیەوە لەکەی (2400) دوکان (166) دوکانی بازاڕەکە سووتا و زیانیان پێگەیشت، ئەوە جگە لەوەی (90) کەس لە کارمەندانی بەرگری شارستانی و کاسبکارانی بازاڕەکە و هاوڵاتیان بەهۆی دوکەڵی ئاگرکەوە تەندروستیان تێکچوو، بەشێکیان لەلایەن تیمەکانی تەندروستی لە شوێنی ڕووداوەکە چارەسەرکران و (24) کەسیشیان گواستراونەتە نەخۆشخانە و چارەسەری پێویستیان بە کرا و ئێوانەی ماڵەوە کرانەوە.

پارێزگای هەولێر ڕایگەیاندووە، ئاگرکەی بازاڕی لێنگە، ئاگرێکی ئەجگار گەورەبوو بە بەرزی زیاتر لە سێ مەتر و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نەبوو، هەموو هەوڵێکی تیمەکانی بەرگری شارستانی و تیمەکانی تریش بە ئەوە بوو ئاگرەکە کەمترین زیانی هەبێت و کەلوپەلی کاسبکاران لە سووتان ڕزگار

بکرەت، سوپاس بۆ خودا لە ڕووداوی ئەو کارەساتە لە شارەکەمان جگە لە زیانی ماددی هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتەوە.

پارێزگای هەولێر ئاماژەی بەوەش کردووە، وەک ئەوەی دەستخۆشی لە تیمەکانی (بەرگری شارستانی، پۆلیس، ئاسایش، زێرڤانی، هاتووچۆ، تەندروستی، شارەوانی4 و سەرکایەتی شارەوانی) لە بەرامبەر هەوڵەکانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە و بەهاناوەچوونی زیانلێکەوتووان.

لەو کۆتاییدا راگەیاندراوە، کاسبکاران و هاوڵاتیانی شارەکەمان دەنیا دەکەینەوە لە سەر فەرمان و ڕاسپاردەی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگاری هەولێر لیژنەیەکی تایبەتی لە سەرجەم لایەنەکان پێکهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لە هۆکاری کوتنەوەی ئاگرەکە، هەر ئەمەش دوای خەماندنی زێر و زیانی بازاڕەکە لەلایەن لیژنەکانەوە تەواوی بازاڕەکە لەلایەن تیمەکانی شارەوانی پاککرایەوە.